www.kurdistannet.org
31-8-2006 1:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پەرلەمان وحکومەتیک تۆی تێدابێت هەرئەوەندەی لێهەڵدەکرێت... وەڵامێک بۆ عەلی باپیر ... مەریوان نەقشبەندی

هەزار حەیف و خەسار کە (هەولێرپۆست) دوولاپەرەی لەدوو ژمارەی خۆیدا بۆ پرسیار و وەڵام لەگەڵ عەلی باپیر ی (ئەمیر) ی کۆمەڵی (ئیسلامی) تەرخان کرد و ماوەیەکی زۆریش لەبەر درێژی دیدارەکە من و خوێنەرانیشی بەو پرسیار و وەڵامانە مەشغول کرد، کاك عەلی باپیر وەك هەندی لەبەرپرسانی دیکەی حزبە ئیسلامیەکان بەدوای هەر دیدارێکی هاوشێوەدا دەگەڕێن تا لەڕێگایەوە کەمێك خۆیان بناسێنن و بە کردنەوەی دۆسێیەهەندێك بابەتی ئێکسپایەر باز بەسەر ئەو هەموو هەڵەیەدا بدەن کە لەکوردستاندا کردویانە، گرفتەکەش لەوەدایە کاك عەلی باپیر و هاوشێوەکانی دان بە بێهودەیی و بێکەڵکی سیاسەت و بیروبۆچوونەکانی پێشویان لەکوردستان و ناوچەکەدا نانێن و سوورن لەسەر یادکردنەوەی مێژووی تاڵیان کە خەریکبو مێژووی کوردیشی لەگەڵدا بشێوێنن، لەراستیدا کاك عەلی باپیر بەدرێژایی وەڵامەکانی لەو دو لاپەرەیەی هەولێرپۆستتدا شتێکی بەسوودی نەوتوە تەنها عەرزکردنی خواستەکانی خۆی یان (حزبەکەی) نەبێت. ئەو (ئەمیر) ە کە من زۆر حەزم دەکرد بە (مامۆستا) ناوی ببەم هیچ پیرۆزییەکی بۆ نەتەوەی کورد وخەبات و قوربانیدانی ئەم میللەتە نەهێشتۆتەوە و هەتا پێی کرابێت لەئاست و بنکەی جەماوەریی توانای کاربەرێوەبردنی پارتە نەتەوەییەکانی کوردستانی کەم کردۆتەوە و ئەوەندە باسی لە دوژمنایەتی و رادەی ئیرهابی ئەمریکا و رۆژئاوای کردوە و ئەوەندە تەعریفی دو بزووتنەوەی تیرۆرستی وەك حەماسی فەلەستین و حزبوڵای لوبنانی سەربەئێران کردوە، نیو ئەوەندە گرنگی بە سۆز و هاوپەیمانێتی لەگەڵ حزبە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی کوردستاندا نەداوە، بەپێچەوانەشەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەڵێت: ئەگەر بۆم بکرایە و توانامان هەبوایە نە بەشداریمان لە حکومەتی کوردستان و نە دۆستایەتیشمان لەگەڵ پارتی و یەکێتی نەدەکرد، کاك عەلی باپیر پەرلەمان و حکومەتی کوردستان بە (بەڵا) دەزانێت و لەوەڵامێکیشیدا زۆر بەراشکاوی دەڵێت: ئەرکی ئێمەیە ئەو شوێنانەی خوداپەرستی نەهێڵین کە بەبۆچوونی ئەو شوێنی بیدعە و شرك و جەهالەتە و دەیەوێت وا بەخەڵکی بڵێت مەرقەد و مەزاری پیاوچاکانی کورد شایەنی زیارەت نین و ئەگەر پێشی بکرێت وەك ئەوەی تاقمی ئەنسارولئیسلامی (هاوپەیمانی پێشووی) لەناوچەی هەورامان کردیان، ئەمجارەش دووبارەی دەکاتەوە،

کاك عەلی باپیر ئەوەی لەیادچووە کە هەر ئەو پیاوچاکانەبوون خوێندەواریان لەو ناوچە سەختەی کوردستاندا بڵاوکردەوە و هەر ئەوانیش بوون نەیاندەهێشت فکری تیرۆر و خۆتەقاندنەوە و تەکفیر و وەهابیەت لەکوردستاندا بڵاوبێتەوە بەبێ ئەوەی بەکەس بڵێن دەنگمان بۆ بدەن یان هەڵمان بژێرن، ئەگەر کاك عەلی باپیر پێی وابێت کە دەتوانێت قەناعەت بەخەڵکی موسڵمانی کوردستان بکات کە ئەو کەسایەتیەعەرەبانەی بەردەوام لە رۆژنامەی کۆمەڵ تەمجیدیان دەکات و ژیاننامە و دەسکەوتەکانیانمان بۆ باس دەکات، لە کەسایەتیە ئاینی و پیاوچاکانی کورد گەورەتر و پیرۆزترن، ئەوە خۆی و حزبەکەی لەوەهمێکی گەورەدا دەژین و باشتروایە سوود لە هەڵەکانی رابردوی وەرگرێت و بزانێت لەکاتی لێقەومان و گورزەکانی ئەمریکا کێ فریای کەوت و چەند کەس لەخەڵکی هەورامان (کەبارەگای سەرەکی حزبەکەی لێبو) لەناو حزبەکەیدا مانەوە؟ کاتێکیش ئەمریکیەکان دەستگیریان کرد کێ بەهانایەوە چوو؟! هەتا بەوشێوەیە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان بە (بەڵا) وەسف بکات؟!.

بەڵام من هیچ گلەییەك لە عەلی باپیر ناکەم چونکە ئەو خاوەنی بیرۆکەیەکە و هەموان دەیناسین و شارەزای هەموو جموجووڵ و ئیجتیهادەکانی حزبەکەی بوین و قورسایی و ئامانجیشی دەزانین، بەڵام گلەییی لەکاك نێچیروان بارزانی و لەپارتی و یەکێتی بەگشتی دەکەم کە یەکێکی وەکو عەلی باپیریان

کردۆتە هاوپەیمان و شەریکە حکومەت و پەرلەمان و دڵنیاشم حکومەتێك ئەوی تێدا بێت هەر ئەوەندەی لێهەڵدەکڕی و خەڵکی نابی چاوەڕێی موعجیزە بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان،

ئاخۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەوەیان نەهێناوەتە پێش چاوی خۆیان کە بوونی ئەم جۆرە کەسایەتی و حزبە ئیسلامیانە لەناو جەستەی نەتەوەییماندا زیانی لەسوودی زیاترە؟؟، تۆ بڵێی سەرکردایەتی سیاسی کورد بەنیازبن بەپشتیوانی و هاوپەیمانی ئەم جۆرە کەسایەتی و حزبەئیسلامیانە بەدوای قەوارەی نەتەوەییماندا بگەڕێن و کار بۆ دەوڵەتی کوردی بکەن؟! خۆ ئەوە چەند رۆژێکە حزبەکەی کاك عەلی باپیر لەناوبژییەکی نێوان عەرەبی سوننە و شیعەی عیراق بەدەستی بەتاڵ گەراونەتەوە و ترسی ئەوەشیان هەیە بە هەڵگیرسانی شەڕی مەزهەبی لەعیراقدا ئەمانیش بازاڕیان نەمێنێت و کورسیەکانی هەردو پەرلەمانی بەغدا و کوردستانیشیان لەکیس بچێت.

من ئەم بابەتە بەجێدەهێڵم بۆ زەمەن و گۆرانکاریە چاوەڕوانکراوەکان، بەڵام جارێکی دیکە یەخەی کاك عەلی باپیر دەگرمەوە و وەك رۆژنامەنووسێك پێی دەڵێم: کاتێك تۆ ئەمریکا و ئیسرائیل بە گەورەترین تیرۆرست وەسف دەکەیت، ئەی کی بە پەری و کۆتری ئاشتی و مەلائیکە دەزانیت؟! من دڵنیام ئەگەر ئێستاش وەك جارانی ناوچەی هەورامان دەسەڵاتت هەبوایە و لەگەڵ ئەم (بەڵایانەی کوردستاندا) بەشدار نەبویتایە وحکومەتی کوردستانیش دوئیدارە بوایە بەبی دودڵی دەتگووت (ئوسامە بن لادن و ئەیمەن زەواهیری) و رەنگە بە تیرۆرستێکی وەك زەرقاویشت بگوتایە (شەهیدی ئوممەت و تاجی سەری هەموو موسڵمانان) . من تەنها یەك جار کاك عەلی باپیرم بینیوە ئەویش دوای ئازادکردنی بوو لەزیندانەکەی ئەمریکا بەچەند هەفتەیەك، ئەوەی لەقسەکانی و لەو دیدارەیدا گوێم لێبوو تەواو پێچەوانەی ئەو وەڵامانەیە کە لە هەولێرپۆست خوێندمەوە حەزیشم دەکرد هەولێرپۆست ئەو پرسیارەی لە عەلی باپیر بکردایە کە لەوڕۆژەوەی هاوپەیمانیتان لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا کردوە و بەشداریتان لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان کردوە چەند پرۆژەی چاکسازیتان پێشکەش کردوە، جگە لە دژایەتیکردنی مارشی نەتەوەی کورد (ئەی رەقیب) و بەعەرەبکردنی دەستووری چاوەڕوانکراوی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانتارەکانتان لێرە و لەبەغدا چەند جار بەشداریان لەلێکۆڵینەوە و گفتوگۆکانی ناو هۆڵی پەرلەمان کردوە؟؟خۆزگە بمزانیایە لای کاك عەلی باپیر ژمارە (101) چییە و چی دەگەیەنێت وا ئەوەندە لەدیمانەکەی هەولێرپۆستتدا بەکاری هێناوە؟!، هیوادارم ئەو دیدارەی (هەولێرپۆست) ی سەرەتایەك نەبێت بۆ ئیجتیهادی زیاتر دژی ئەو نیمچە قەوارەیەی نەتەوەکەمان، چونکە من دڵنیام ئەو کەسەی خاك و نەتەوەی نەبێت ناکرێت مرۆڤێکی ئازاد و خاوەن عەقیدە و بیرورابێت، هیوایەکیشم هەیە بە ئەندام و بەرپرسانی ناو کۆمەڵی (ئیسلامی) کە ئەو لێدوانانەی (ئەمیر) ەکەیان ناکەنە ستراتیجیەت و بەرنامەی کاری کۆمەڵ و هیواداریشم کۆمەڵی (ئیسلامی) خۆی بە سەرنشینی ناو ئەو کەشتییە نەتەوەییە (کوردستانیە) بزانێت کە خەریکە زریانی شۆڤێنیەتی عەرەب و تورك و فارس ڕێگای گەیشتن بە کەناری سەرفرازیی لێدەگرن.

Mariwan_na@yahoo. com